# یادکردنەوەی8ی مارس:

# لەناو جەرگەی ئازادی و شارستانییەتی بۆرژوایی!*

## (تاکو ئێستا، ژنانی کۆمۆنە، جوانترین ژنانن- لە سروودێك وەرگیراوە-)

سەلام عەبدوڵلا

**(1)-لە 8ی مارسی 1857، ژنانی کارگەر لە نیویۆرك، لە دژی مەرجی کاری نامرۆڤانە و لە پێناو کرێی کاری یەکسان، خۆپیشاندانیان کرد.**

**-پاشی 50ساڵ، واتە لە 1908، هەر ژنانی کارگەر لە کەرتی پیشەسازی جلوبەرگ و سیگار، لە پێناو مافی ژنان، سەعاتی کاری کەمتر و کرێی زیاتر، خۆپیشاندانیان کرد.**

**-لە ژێر کارتێکردنی ئەم خەباتە، هاوڕێ کلارا زێتکێن لە ساڵی 1910، لە کۆنفرانسی ژنانی کۆمونیست لە کۆبنهاگن، پێشنیاری کرد، رۆژی 8ی مارس، بکرێ بە رۆژی ژنان لە جیهان و کونفرانسەکە بە یەك دەنگ قبووڵیان کرد.**

**-لە 8ی مارسی1917، ژنانی کارگەر لە پیشەسازی جلوبەرگ لە پیترۆگراد، خۆپیشاندانیان کرد.**

**- لە 1921، لە کۆنفرانسی ژنانی کۆمونیست بە ڕەسمی رۆژی(8ی مارس)یان، بە رۆژی جیهانی ژنان، ناساند.**

**-لە 1975، واتە پاش تێپەڕبوونی پتر لە سەدەیەك، نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی رۆژی 8ی مارس بە رۆژی جیهانی ژنان، ناسی**.( Helwerth, Ulrike (1995), Schwestern, zur Sonne, zur Gleichheit). **گەرچی ژنانی کۆمونیست، ڕابەری سەرگەشی ئەم خەباتەن، بەڵام بەدخەوە، هێشتا ژنانی وا هەن، پێیان وایە، کێشەی ژنان لە دەرەوەی"ئیدۆلۆژیاکان" چارەسەر دەکرێ؛ دیموکراسی لە هەندێ لایەن، کێشەی چەوسانەوەی ژنان دەگۆڕێ، بەڵام ژنانی وا هەن، هێشتا پێیان وایە، دیموکراسی چارەسەری هەندێ کێشەی ژنان دەکەن. ڕاستە کیژان لە ئۆکرانیا یان لیتوانیا و سلڤادۆر، خەتەنە ناکرێن، بەڵام بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە و بە هەزاران شێوە و ئامراز، ناچارکراون بە ڕەسمی و نارەسمی لەشی خۆیان بفرۆشن یان بۆ پۆرنۆگرافی و کاری زۆر هەرزان بەکاریان بهێنن؛ بازاڕ و کۆڵان و سەرشەقامە" شارستانی و مۆدێرنەکان"ی ئۆروپا، باشترین گەواهین.**




**(2)ئێستاش، لە کوردستان یان لە ئەڵمانیادا و لە هەموو سۆچێکی جیهان، ئەم پێشێلکردن و دڕندایەتییانە لە ئاستی ژنان، ئەنجام دەدرێ(بۆ نموونە):**

- **بازرگانی بە ژنان لە سەرتاسەری جیهان وەك هێزی کاری هەرزان و بە زەبر ناچارکردنیان بە کاری سۆزانی،**
- **توندوتیژی سێکسیانە لە دژی ژنان و کیژان،**
- **ڕەتکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەبارەی جەستەکەیان، بۆ نموونە، بە زەبر پەکخستنی منداڵدان یا خەتەنەکردنیان.**
- **مامەڵە و ئاڵوگۆڕ بە جەستەی ژنان، وەك کاڵایەك بۆ ریکلامی شەرکەت، گۆڤار و رۆژنامەکان،**
- **نەناساندنی کاری نێو ماڵ وەك کارێکی بەرهەمهێنەر، واتە هەر وەك کویلەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ!**
- **بەمارکردنیان بە گوێرەی کەتەلۆك!**
- **بەزەبر بە شوودانیان!**
- **نەناساندنی مافی پەنابەرێتی ژنان بە هۆی ڕووبەڕووبوونیان بۆ توندوتیژی جەستەیی،**
- **ژنان، شانبەشانی کارکردن لە کارگە، قوتابخانە، کێڵگە...هتد، بە پلەی یەکەم، بەرپرسی ژیانی رۆژانەی منداڵەکان و کاری نێوماڵن.....هتد**

3) پێشی دوو هەفتە، ژنە كارگەرێكی شەمەندنەفەر لە فەرەنسا، زەوتكرا، بۆیە، كرێكارانی شەمەندنەفەری فەرەنسا، لە دژی ئەو تاوانە، مانگرتنی گشتیان، ڕاگەیان؛ لە هوڵەندا، ژنێكی كورد بەدەستی چەپەڵی براكەی، بە چەقۆ كوژرا؛ پیلان و پرۆژەی گەورە پاشای ئەنگلستانی"مەزن" بەدەوری خوارەوەی پشتوێنەكەی دەسووڕێتەوە؛ هێشتا كێشەی زەوتكردنی منداڵان لەلایەن نموونەی باڵای گۆرانی ئەمریكا، لەبەردەم دادگایە. ئاخر ڕۆژ، سەعات و چركەیەك تێناپەڕێ، بە بێ ئەوەی ژنان لە كوردستان، جەزایەر، ئەفریقای خواروو، ئەڵمانیا، بەریتانیا، رووسیا، تایوان و فەرەنسا و سەرتاسەری دنیا، نەبن بە قوربانی ئەقڵ، دەسەڵات، سیستێم، باوكسالاری و ئاینە جۆربەجۆرەكانی. ئەمەی لە خوارەوە بڵاوكراوەتەوە، چەند بەڵگەیەكی ئەو بۆچوونانەن و بریتین لە وونبوونی ژنێك؛ بەكارهێنانی كیژێك بۆ پۆرنۆگرافی؛ بازنەیەكی پۆرنۆگرافی لە ئەسپانیا پوچەڵكرایەوە؛ پارێزەرانی بنەماڵەی شاكانی ئەنگلیز، بە ڤیدیۆ وێنەی سێكسكردن بە كۆمەڵی خۆیان گرتووە...هتد

هەر چۆن بێكاری، جەنگ، چەوسانەوە، لانەوازی، نامۆیی، سەددان نەخۆشی دەروونی، زادەی بیروباوەڕ و دەسەڵات و سیستێمی سەرمایەدارییە و مەحاڵە بتوانن چارەسەریان بكەن، ئەوها كێشە، چەوسانەوە، تیرۆر و زەوتكردنی ژنانیش درێژەی دەبێ، و تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی و دامەزراندنی كۆمەڵگەی كۆمونیستی، چەوسانەوەی ژنانیش كۆتایی پێ دێت!

ots-Dienstag 8. Februar 2005, 15:09 Uhr)
Lübeck (ots) - Vermisste junge Frau – Nadine SINGER – gesucht Das Kommissariat 11 der Kripo Lübeck bittet um die Mithilfe bei der Suche nach der Vermissten – Nadine SINGER - . Die junge Frau lebte bis Mai 2004 in Berlin und verlegte ...

## Der Porno-Trompeter

### Was tat er der kleinen Ina nach dem Musikunterricht an?

Von BERND STREHLAU


Mutter Jeanette (39) umarmt ihre Tochter Ina (12). Heute sieht sie den Kinderschän-der im Gericht

Stuttgart – **Schützend umarmt die Mutter ihre Tochter, drückt sie ganz fest an sich. Heute muß sie dem Kinderschänder in die Augen schauen, der ihre kleine Ina (12) mißbrauchte.**

Die blonde Schülerin war Trommlerin im Fanfarenzug von Weil im Schönbruch (Baden-Württemberg). Dort spielte Bruno M. (45) Trompete.

Der Trompeter schenkte dem Mädchen später einen String-Tanga. Erst da vertraute Ina sich ihrer großen Schwester (20) an. Mutter Jeanette G. (39): „Seit dieser Zeit ist sie nicht mehr die unbekümmerte Kleine, die sie einmal war ...“


Trompeter Bruno M. (45) spielte im Fanfarenzug. Nachts vergriff er sich an der kleinen Trommlerin

**Kiel - Kinder sexuell belästigt - 50-Jähriger in Haft**
( ots - Montag 14. Februar 2005, 17:24 Uhr)
Kiel (ots) - Gleich nach seiner Strafhaft hat sich ein wegen Sexualtaten an Kindern verurteilter Mann wieder Mädchen genähert. Der Beschuldigte kam am Sonnabend in Untersuchungshaft. Ab Dezember gingen insbesondere bei der Polizei in Dietrichsdorf und in der Kieler Innenstadt Beschwerden über ...

**Kinderpornoring in Spanien ausgehoben**
( AP - Samstag 12. Februar 2005, 14:34 Uhr)
Die spanische Polizei hat einen Kinderpornoring ausgehoben und bei landesweiten Razzien 18 Verdںchtige festgenommen. ...

**Amerikaner entsetzt über zwei Fںlle von Kindesmisshandlung und Mord**
( dpa - Sonntag 6. Februar 2005, 18:52 Uhr)
Zwei schockierende Fںlle von Kindesmisshandlung und -mord haben am Wochenende in den USA Entsetzen ausgelst. Ein Ehepaar aus Florida soll fünf seiner Adoptivkinder mit Elektroschocks und Hammerschlںgen gefoltert haben. **Sexuelle Belästigung zum Nachteil von Kindern - Monheim - 0502030**

( ots - Freitag 4. Februar 2005, 22:24 Uhr)
Mettmann (ots) - Am Freitag, 4. Februar 2005, 18:00 Uhr, kam es in Monheim im Schwimmbad Mona-Mare zu einem Sexualdelikt zum Nachteil von Kindern. Drei 12-jährigen Mädchen fielen während des Umkleidens nach einem Schwimmbadbesuch auffällige Geräusche in der angrenzenden Umkleidekabine auf. Zunächst

**Kiel - Kinder sexuell belästigt - 50-Jähriger in Haft**
( ots - Montag 14. Februar 2005, 17:24 Uhr)
Kiel (ots) - Gleich nach seiner Strafhaft hat sich ein wegen Sexualtaten an Kindern verurteilter Mann wieder Mädchen genähert. Der Beschuldigte kam am Sonnabend in Untersuchungshaft. Ab Dezember gingen insbesondere bei der Polizei in Dietrichsdorf und in der Kieler Innenstadt Beschwerden über ... glaubten ...



## Leibgardisten filmten sich beim Gruppensex in der Kaserne

*Strammstehen zum Gruß! Doch was dann passierte, stand nicht im Handbuch für Offiziere...*

**Schock für die Queen: Nur wenige hundert Meter vom Buckingham Palast entfernt amüsierten sich fünf ihrer Leibgardisten mit einer jungen Frau beim Gruppensex!**



Ein Mitglied der berittenen Leibgarde am Hof der Queen

**Friedrichskoog/Dithmarschen: Sexualtäter in Haft**
( ots - Dienstag 15. Februar 2005, 13:58 Uhr)
Heide (ots) - Die Kripo Brunsbüttel konnte jetzt ein Strafverfahren gegen einen 67- jährigen Mann aus Friedrichskoog wegen mehrerer Sexualdelikte abschließen und der Staatsanwaltschaft übergeben...



*مەبەست لە بڵاوکردنی پێشوەختی ئەم ووتارە، ئەوەیە، بۆ یادکردنەوەی 8ی مارس، ئەم چەند پرسیارە ئاراستەی ژنان بکرێ، بە ئومێدی ئەوەی درێژە بە دیالۆك بدرێ:

1- بۆچی ژنانی کارگەر و زەحمەتکێش، هێشتا ئومێدیان بە حیزبە بۆرژواییەکان هەیە؟
2- بێدەنگی هەڵبژاردن لە ئاستی تاوانە زۆر بەرفراوانەکانی سیستێمی سەرمایە لە وەڵاتە"شارستانی و پێشکەوتووەکان"، لە بەرژەوەندی کێیە؟
3- کێشەی ژنان لە بەرزترین قۆناغیدا-قۆناغی سەرمایەی جیهانگیر- ، قووڵتر و بەرینتر بووە، چی بکرێ باشە؟
4- بۆچی99،99%ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەوە دەچن؟
5- ئایا یاسا بڕیاردەدا لەسەر شێوەی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی نێو مرۆڤەکان، یان بە پێچەوانەوە؟
6- ئایا کاتی ئەوە هاتووە، باس لە بزووتنەوەی ژنانی کۆمونیست بکرێ، یان هێشتا کاتی ڕێکخراوەکانی حیزبە بۆرژواییەکانە؟ و هەر بژی ڕۆژی 8ی مارس